وكالة الأمم المتحدة للهجرة

**ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ پێشوازی دەکات لە بڕیاری عێراق بۆ پەسەندکردنی یاسای ڕزگاربووە ئافرەتە ئێزیدییەکان**

٢ مارس ٢٠٢١

دوێنێ، ١ی ئادار، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ڕزگاربووە ئافرەتە ئێزیدییەکانی پەسەند کرد. برگەی یاساکە ساتێکی مێژوویی نیشان دەکات لە هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پاشماوەی تاوانەکانی داعش لە دژی ئێزیدییەکان و گروپە کەمینەکانی دی، هەروەها بەشێوەیەکی فەرمی کرداری جینۆساید لە دژیان دەناسێنێت و چوارچێوەیەک دەچەسپێنێت بۆ دابینکردنی پاڵپشتیی دارایی و شێوەکانی تری پاڵپشتی بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووەکان.

شایانی باسە، بە ئاراستەکردنی سەرنجدانی دامەزراوەیی بۆ ئافرەتە ڕزگاربووەکانی توندوتیژی سێکسی لە ململانێکاندا، ئەم یاسایە عێراق دەخاتە لیستی یەکەمین وڵاتانی جیهانی عەرەبی کە ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی لە ململانێکاندا، بە فەرمی بناسێنێت و ڕێوشوێن وەربگرێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو ستەمانەی لێیان کراوە هاوتەریب لەگەڵ ستاندەرە نێودەولەتییەکان.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و هاوبەشەکانی لەوەتەی ساڵی ٢٠١٩ پاڵپشتیی لە دامەزراوە عێراقییەکان و لایەنەکان دەکەن لە داڕشتنی چوارچێوەیەک بۆ قەرەبووکردنەوە. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق کۆتا تاوتوێ تەشریعییەکانی چوارچێوەکەی بەڕێوە برد کە دواتر بووە هۆی پێداچوونەوە و پەسەندکردنی یاساکە.

بە پشتبەستن بە ئەزموون و پسپۆڕیی نێوەدوڵەتی لە پاڵپشتیکردنی حکوومەتەکان بە بەرنامەی قەرەبووکردنەوەی بە کۆمەڵ، ڕێکخراوی نێودەدوڵەتی کۆچ و هاوبەشەکانی لە ئێستادا پاڵپشتی حکوومەتی عێراق دەکەن لە ئەرکە بە ئالنگارییەکەی جێبەجێکردنی یاساکە بە شێوەیەکی کاریگەر.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە یەکەی زانیاری گشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، ژمارەی تەلەفون ٠٠٩٦٤٧٥١٤٠٢٢٨١١ ، ئیمێل: *iraqpublicinfo@iom.int*